# ناوچەی پەروەردەیی قوتابخانەی ناوەندیی ویلیامزڤیل
# ناوچە بۆ سەرنجبەرەکانی قوتابخانە

## 1. سیاسەتی گشتی

- بەکارهێنانی ئامێری کەسی و کە ئینتەرنێتی هەبێت و هێدفۆن/هێدسێتی پەیوەستکراو (ئەو ئامێرە پاشکۆیانەی کە بلوتوزیان کارایە) لەلایەن قوتابییانەوە، لەکاتی تەواوی ڕۆژی قوتابخانەدا قەدەغەیە (لە زەنگەوە بۆ زەنگ)، لەناویاندا هەموو کاتە فێرکاری و نافێرکارییەکان (وەکوو، هۆڵی کۆبوونەوە، ژەمی نیوەڕۆ، پشوو، هۆڵەکانی خوێندن، کات بەسەربردن).   ئەو ئامێرە کەسییانەی کە ئینتەرنێتیان لەسەر کارایە ئەمانە لەخۆ دەگرن بەڵام سنووردار نین بەمانە: مۆبایلی زیرەک، تابلێت، کاتژمێری زیرەک، لاپتۆپ، کۆنسۆلی یاری، فیتبیت، چاویلکەی Google، هێدسێتی VR، پەخشکەری MP3، ئایپۆد، و ئایپاد.

## 2. کۆگای ئامێر

***ئاستی سەرەتایی:***

- ئامێرەکان پێویستە لە هۆڵی کۆبوونەوەی قوتابییان بە سیستەمێکی کۆگاکردنی داڕێژراو لەلایەن مامۆستا هەڵبگیرێن، بکوژێندرێنەوە، لەو کاتەوە کە ئەوان دەچنە ناو باڵەخانەکە لە دەستپێکردنی ڕۆژی قوتابخانە تاکو ئەوان لە باڵەخانەکە لە کۆتایی ڕۆژی قوتابخانە دەچنە دەرەوە.

***ئاستی قوتابخانەی ناوەندی و ئامادەیی:***

- ئامێرەکان پێویستە بکوژێندرێنەوە و لە سندوقی تایبەت لەکاتی دەوامی قوتابخانە قفڵ بکرێن.

## 3. بەدەرەکان لەم سیاسەتە

قوتابییان دەکرێ ئامێرە کەسییەکانیان کە ئینتەرنێتیان کارایە لەم هەلومەرجانەی خوارەوەدا بەکار بهێنن:

- لەلایەن مامۆستا ڕێپێدراو بێت - بۆ مەبەستێکی پەروەردەیی تایبەت (لەوانە ئەو لاپتۆپانەی هی خۆیانن)
- پێویستییەکانی چاودێری تەندروستی - بەو شێوەیەی بۆ چاودێریکردنی بارودۆخە تەندروستییەکان یان مەبەستە پزیشکییەکان بەپێی پلانی چاودێری تەندروستی هەر کەسێک پێویستە *(نموونە: چاودێریکردنی شەکرە)*
- لە حاڵەتێکی فریاگوزاریدا لەژێر سەرپەرشتی بەڕێوەبەری باڵەخانە
- خزمەتگوزارییەکانی وەرگێڕان - بەپێی پێویست بۆ فێرخوازانی زمانی ئینگلیزی
- لەسەر بنەمای حاڵەت بۆ حاڵەت بۆ ئەو چاودێری قوتابیانەی کە لە دۆخی خۆشگوزەرانی ئەندامێکی خێزان بەرپرسن. ئەم مۆڵەتدانە تەنها دوای پێداچوونەوە و یەکلابوونەوە لەلایەن توێژەری کۆمەڵایەتی قوتابخانە، ڕاوێژکاری قوتابخانە یان دەروونناسی قوتابخانە ڕێگەی پێدەدرێت
- بەپێی یاسا داواکرابێت - ئەگەر بەکارهێنانی ئامێرەکە بەپێی یاسا سەپێنرابێت

- پلانەکانی IEP/504 - ئەگەر لە پلانی خوێندنی بەتاکەکەسیکراو (IEP) یان پلانی 504ـی قوتابییەکدا دیاری کرابێت *(بوارەکەی سنووردارە. پرۆسەیەکی دارێژراو پەرەی پێدەدرێت.)*

## 4. ڕێگاکانی پەیوەندیکردن بۆ باوک و دایکان تا پەیوەندی بە منداڵەکەیانەوە بکەن لەکاتی دەوامی قوتابخانەی منداڵەکەیان

- باوک و دایکان دەکرێ تەلەفۆن بۆ نووسینگەی سەرەکی بکەن بۆ ئەوەی پەیام بۆ منداڵەکەیان جێبهێڵن. لەگەڵ ئەوەشدا، قوتابییان دەکرێ تەلەفۆنی قوتابخانە لە نووسینگە (یان ناوپۆل، ئەگەر بەردەست و شیاو بێت) بۆ پەیوەندیکردن بە باوک و دایک/بەخێوکەرەکەیان بەکاربهێنن.
- ئەگەر تەمەن شیاو بێت، باوک و دایکان دەکرێ بە WITS ئیمەیڵ بۆ منداڵی خۆیان بنێرن.

ئاگادارکردنەوەی باوک و دایک: باوک و دایکان ئاگانامەیەکی نووسراویان پێدەگات (لە ڕێگای ڕێبەری خێزان، ماڵپەڕی قوتابخانە، وێبپەڕی WITS، ماڵپەڕی دیستریکت، بەرنامەی دیستریکت، ساڵنامەی دیستریکت) لەبارەی ڕێگا بەردەستەکان بۆ پەیوەندیکردن بە منداڵەکانیان لەکاتی دەوامی قوتابخانەدا.

## 5. سەپاندن و دەرەنجامەکان

- یەکەم تاوان - ئامێرەکە دەستی بەسەردا دەگیرێت. ئاگادارکردنەوەی باوک و دایک. هۆشدارکردنەوە. لە کۆتایی ڕۆژی قوتابخانەی بۆ قوتابییەکە دەگەڕێندرێتەوە.
- دووەم تاوان - ئامێرەکە دەستی بەسەردا دەگیرێت. ئاگادارکردنەوەی باوک و دایک. هۆشدارکردنەوە. بۆ باوک و دایک دەگەڕێندرێتەوە.
- سێیەم و تاوان و دواتر - ئامێرەکە دەستی بەسەردا دەگیرێت. ئاگادارکردنەوەی باوک و دایک. سزای زیاتری قوتابخانە. بۆ باوک و دایک دەگەڕێندرێتەوە.
- ڕەتکردنەوەی پابەندبوون *(قوتابخانەی ناوەندی و ئامادەیی)*: هەڵپەساردنی ناو قوتابخانە بەهۆی ڕەتکردنەوەی ڕادەستکردنی ئامێرێک کاتێک لەلایەن کەسێکی تەمەن پێگەیشتوو داوا دەکرێت.
  - پابەندنەبوونی چەند جارەی قوتابی ڕەنگە ببێتە هۆی ئەوەی داوا لە قوتابییەکە بکرێت کە ئامێرە کەسیی(ەکان) کە ئینتەرنێتییان لەسەر کارایە لە شوێنێکی هەڵگرتنی پارێزراو دابنێت (کیفی Yondr) بەر لەوەی یەکەم زەنگی ڕۆژی قوتابخانەی خشتەبەندیکراو لێبدات. دوای کۆتا زەنگی ڕۆژەکە، کیفی Yondr ـەکە قفڵەکەی دەکرێتەوە.

## 6. ڕاهێنان و ڕاگەیاندن

***ڕاگەیاندن بە قوتابی:***

- قوتابییان ڕاهێنان لەسەر سیاسەتەکە لە ڕێگای وانەکانی ناوپۆل و/یان کۆبوونەکان وەردەگرن.

*ڕاگەیاندن بە خێزان:*

- سیاسەتەکە لە ڕێگای ڕێبەری خێزان، نامەهەواڵی قوتابخانە، ماڵپەڕی قوتابخانە، وێبپەڕی WITS، ماڵپەڕی دیستریکت، بەرنامەی دیستریکت، ساڵنامەی دیستریکت بە خێزانەکان ڕادەگەیەنرێت.

- باوک و دایکان بەر لە دەستپێکی ساڵی خوێندن لەبارەی سیاسەتەکە و ڕۆڵی ئەوان لە پاڵپشتیکردنی ژینگەیەکی بێ سەرنجبەر ئاگادار دەکرێنەوە.

*ڕاهێنانی پەروەردەکار:*

- پەروەردەکاران لەکاتی ڕۆژانی کاتی خزمەتگوزاری لە سەرەتای ساڵی خوێندن لەبارەی سیاسەتەکە ڕاهێنان وەردەگرن، هەروەها چۆنیەتی سەپاندنی، و چۆنیەتی ئاڵوگۆڕکردنی لەگەڵ باوک و دایکان.

## 7. جێبەجێکردن و هەڵسەنگاندنی سیاسەت

- لە 1ی ئابی 2025 بەولاوە دیستریکت مەرجە سیاسەتێک جێبەجێ بکات
  - سیاسەتەکە پێویستە لەسەر ماڵپەڕەکەیان بڵاو بکەنەوە - لەناویاندا وەرگێڕان بۆ ئەو 12 زمانەی کە زۆرترین قسەکەریان هەیە
- تا 1ی ئەیلوولی 2026، دیستریکت پێویستە ڕاپۆرتی ساڵانە لەسەر ماڵپەڕەکەی بڵاو بکاتەوە کە وردەکاریی جێبەجێکردنی سیاسەتەکە لەناویشیدا داتای دیمۆگرافی بخاتە ڕوو